# دەنگ بە دستورێک نادەین کە تیایدا کەرکوک کورستانی نەبێت:

جەماوری گەلەکەمان :
کوردستانیانی هێژا:

دیسانەوە هەمومان دەکەوینەوە بەر هەڵەیەکی مێژوویی سەرکردایەتی کوردەوە، ئەو سەرکردایەتیەی کە زۆر لە عێراقیەکان زیاتر غەمی عێراقی داگیرکەری کوردستان دەخوات ، کە زۆر لە عێراقیەکان زیاتر پەلەی ئەوەیەتی دەستورێک مۆر بکات کە تا هەتایە تەوقێک بێت و لە ملی کەرکوک و کوردستانی بکەن..
لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە و گرێدانی باشووری کوردستان بەم عێراقەی کە هەتاوەکو ئێستا وەکو تەرمێکی بەزۆر گیان پیاکراو ماوەتەوە، کەرکوک ناوەندی ململانێی کێشەکانی کورد و ناوەندی دەسەڵاتی عەرەبی لە عێراقدا بووە.

دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق لە هەموو سەردەمەکاندا بۆ ئارامکردنی کورد پەیمان و سازشی جۆراوجۆریان لەگەڵ هێزو سیاسەتمەدارانی کوردیان کردووە تاوەکو دەسەڵاتی حوکمیان بەهێزکردووە و دوایی گورزی بەهێزیان بەسەر گەلی کوردا داوە و هەموو ئەو دەسەڵاتانە بۆ داگیرکردن و دابڕینی کەرکوک لەکوردستان هەمان هەڵوێستیان هەبووە.

دەسەڵاتی عەرەبی لەهەموو کاتێکدا توانیویانە سوود لە کێشە و ململانێی هێزە سیاسیەکوردستانییەکان وەربگرن بۆ سەرکەوتن لە پیلانە چەپەڵەکانیان دژ بە گەلەکمان و زیاتر چەسپاندنی دیاردەی داگیرکردن و توانەوەی کورد لە بۆتەی عەرەبیدا، بۆ ئەم مەبەستەش کەرکوک وەک ناوەندێکی دارایی بەهێز بەکارهێنراوە بۆ لێدانی کورد و چەوساندنەوەی بە هەموو شێوەیەکی گونجاو، ولە هەمان کاتدا بۆ بەرپاکردنی ناکۆکی ڕەگەزی و مەزهەبی بۆ درێژە پێدانی داگیرکردن و دزینی سامانی نیشتمانەکەمان و بەکارهێنانی بۆ بەکۆمەڵکوشتنی گەلی کورد.

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس دەوڵەتی لێک هەڵوەشاوەی عێراق بە هەوڵی بەردەوامی سەرکردایەتی کوردەوە دروست کرایەوە، دەوڵەتێک ئەوەتای هەیە بە زمانی گوللە و بارود لەگەڵ ئێمەدا گفتوگۆی کردەوە، ئەو دەوڵەتە کە لە تەواوی سیناریۆکانیدا لە لایەن ئەمەریکاوە کورد دەکرێتە گاڵتەجاری یەکەم و هەمیشە دەبێت کورد تیایدا دەستبەرداری مافەکانی خۆی بێت.

کوردستانیانی هێژا:
ئەو هەڕەشەیەی کە ئێستا ڕووبەڕووی کورد لە باشووری کوردستان و کوردایەتی کەرکوکدایە لە هەموو کاتێک زیاترە بەتایبەت دوای زاڵبوونی تەوەری ئیسلامی شۆفینی بەسەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسەڵاتی عێراقدا و ڕۆژبەڕۆژ بەهێزبوونی سوپای عێراق و گەڕانەوەی ئەفسەرە خاوەن ئەزموونەکان لە قەلاچۆکردنی گەلەکەمان بۆ ناو سوپا. ئەوە سێ حکومەتی عێراقی تێ پەڕی و جار لە دووای جار مەسەلەی کەرکوک و خانەقین و تەواوی ناوچەکانی دیکە ی بە عەرەبکراو نەک پشت گوێ دەخرێت بەڵکو دیسانەوە بە عەرەب دەکرێنەوە..
ئەوە سێ حکومەتی عێراقی تێ دەپەڕێت و کورد هێشتا هاوولاتی نەک پلە دوو بەڵکو پلە هیچە و حساب بۆ دەنگ و ڕەنگی ناکرێت ..

ئێمە دڵنیاین کە لە عێراقدا کورد هەمیشە مافەکانی ژێر پێ دەخرێت و هەرگیز عراقیەکان ئامادە نابن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستبەرداری ئایدۆلۆژیای شۆڤێنستی عەرەبی – ئیسلامی خۆیان بن ، عێراقیەکان ئەگەر عەرەب بن یان کوردی خەواڵو ، ئەگەر شیعە بن یان سونە ، ئەگەر ناسیۆنالست بن یان عەلمانی هەگیز ئامادە نابن لە چوار چێوەی عێراقدا دان بە کوردستانی بوونی نەک تەنها کەرکوک بگرە کوردستانیشدا بنێن..

کوردستانیانی هێژا
خوێنی شەهیدانی مەهاباد و بانەو دیاربەکر و قامشلو و عامودا هێشتا نەگیرساوە..
خوینی شەهیدانی ڕۆژانەی کوردمان لە باشور کە تەنها لەسەر کورد بوون و کوردستانی بونیان دەکوژێن و سەردەبڕین هێشتا نەمەیوە..
بۆیە داواتان لێ دەکەین هۆشیار بن و دەنگ بە دەستورێک مەدەن کە تە واوی ناوچەکانی کوردستان بە کوردستانی نەناسێت
بە بەڵینی جەعفەری و عەلاوی و چەلەبی و سیستانی و هاوپەیمانەکانیان فریو مەخۆن
دەنگ مەدەن بە عێراق ، دەنگ بدەن بە کوردستان
دەنگ بدەن بە دەستورێک مافی سەربەخویی بە ڕەسمی بناسێت !
ئێمە عراقی نەبووین و نابین...
ئێمە کوردین و کوردستانی دەمێنینەوە...
نەخێر بۆ ئەو دەستورەی کە عێراقی عەرەبی بەسەرماندا بسەپێنێت..
بەڵێ بۆ ئەو دەستورەی کوردستانیان خۆیان بۆ خۆیانی دەنوسن ...

**سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان.**
www.sekoykurdistan.org

2005/7/29

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com